# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی پازدەیەم: گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست

کانونی یەکەم 2018

1/1/2019

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 9 | مامۆستایان چۆن باس لە گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست دەکەن |
| 12 | گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست لە دەرەوەی شار |
| 13 | شێوازی دابەشکاری ناوەندەکان لە دەرەوەی شار بۆ گۆڕینی سیستەمەکە چۆنە |
| 13 | بەڕێوبەرانی ناوەندەکان چۆن باس لە گرفتەکانی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست دەکەن |
| 16 | خێزانی فێرخوازان چی دەڵێن لەبارەی کاریگەرییەکانی بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری |
| 18 | بەڕێوبەری ناوەندەکان چۆن باس لە کردنەوەی خولی مامۆستایان دەکەن |
| 19 | مامۆستایان تا چەند زمانی ئینگلیزی دەزانن |
| 20 | پێداویستی فێرکاری لە ناوەندەکان |
| 21 | کات تا چەند گونجاوە لەگەڵ سیستەمی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست |
| 22 | خولەکانی راهێنان سودی بۆ مامۆستایان هەبوە |

| | |
|---|---|
| 23 | مامۆستایان پشت بە چ سەرچاوەیە دەبەستن بۆ زیادکردنی زانیارییەکانیان |
| 24 | گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست کاریگەری لەسەر بابەتەکانی دیکە چیە |
| 24 | گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامی خوێندن بێ پلان بوە |
| 25 | سەرپەرشتیاران: راوێژمان پێنەکراوە لە گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست |
| 26 | بەرپرسانی پەروەردە چی دەڵێن لە بارەی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست لە ناوەندەکان |
| | بەشی سێیەم: راسپاردە |
| 28 | راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

# 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

### 1. دەستپێک

پرۆگرام و سیستەمی خوێندن لایەنێکی گرنگە لە پرۆسەی خوێندن، ئەوەی ئێستا بوەتە گرفت بۆ بەشێک لە مامۆستایان و فێرخوازان و تەنانەت خێزانی فێرخوازانیش گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی (بیرکاری، زانست)ە، بۆ زمانی ئینگلیزی.

گۆڕینی زمانی دو بابەتی گرنگی وەک (بیرکاری، زانست) لە کاتێکدایە کە هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە بۆ ئەو کارە نەکراوە ئەمەش گرفتی گەورەی دروستکردوە.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی لە گۆڕینی پرۆگرامەکەدا هاتوەتە ئاراوە نەبونی شوێن و کاتی گونجاوە بۆ وتنەوەی بابەتەکان بە جۆرێک لە چەند قوتابخانەیەک ئەم سیستەمە جێبەجێ دەکرێت و ئەوانی دیکەش سیستەم و پرۆگرامی کۆن پەیرەو دەکەن.

لەم راپۆرتەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا بە وردی لە بارەی ئەم گرفتەوە دەدوێین.

* بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری بە ناحیەکانەوە بۆ ساڵی 2018_ 2019 ئەو ناوەندانەی کە سیستەمیان کراوە بە ئینگلیزی بەم شێوەیە:

| ز | پەروەردەکان | ناوەندەکان | گۆڕینی پرۆگرام بۆ ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەلار | 195 | 13 |
| 2 | کفری | 64 | 11 |

❊ بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی کەلار بۆ ساڵی 2018_2019 بۆ مامۆستایانی زانست و بیرکاری بەمشێوەیە لە کۆی (13) ناوەند:

| ز | بابەت | مامۆستا | میلاک | وانەبێژ | پسپۆڕ | پسپۆڕي نیە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زانست | 47 | 27 | 20 | 20 | 27 |
| 2 | بیرکاری | 55 | 35 | 20 | 45 | 10 |

❊ بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی کفری بۆ ساڵی 2018_2019 بۆ مامۆستایانی زانست و بیرکاری بەمشێوەیە لە کۆی (11) ناوەند:

| ز | بابەت | مامۆستا | میلاک | وانەبێژ | پسپۆڕ | پسپۆڕي نیە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زانست | 26 | 13 | 13 | 21 | 5 |
| 2 | بیرکاری | 35 | 26 | 9 | 31 | 4 |

## 2. مامۆستایان چۆن باس لە گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست دەکەن

مامۆستایان هەریەکە و بەشێوازێک باس لە کاریگەری و گرفتەکانی بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانست دەکەن لە بەشێک لە ناوەندەکان و بەشێکیان لەگەڵ سیستەمەکەدان و بەشێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە.

**ا. مامۆستایانی پەروەردەی کەلار:**

مامۆستایانی سنوری پەروەردەی کەلار باس لەوە دەکەن ئەم سیستەمەی کە هەیە بۆ تەمەنی ئەو فێرخوازانە گونجاو نیە چونکە منالْن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم سیستەمە سەرکەوتو نەبوە بەهۆی ئەو گرفتە زۆرانەی کە هەیەتی.

نەبەز مەحمود محەمەد، پسپۆڕ و مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانەی (موکریان)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هەر لە سەرەتاوە بەم سیستەمە رازی نەبوین، وە شێوازی خوێندنەکەمان و ژینگەکەمان لەگەڵ ئەو پرۆگرامە ناگونجێت، گرفتی زۆرە".

وتیشی: ئەم پرۆگرامە 100% فەشەلە چ لە روی دارایی چ لە روی مەعنەوی.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئەم پرۆگرامە قورسە و لە توانای منالآن نیە و دەڵێن بە کوردییەکە گرفتیان هەبو چ جا ئینگلیزی.

جوان عومەر موسا، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانەی (سجادی)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەم بابەتانە کە کراون بە ئینگلیزی قورسە خۆی هەر بە کوردیش قورس بوە چ جا ئێستا، لە ئاستی منالآن نیە و لە ئاستی خۆشم نیە، چونکە بابەتەکانی زانستین مامۆستایەکی بایەلۆجی ئەگەر بتوانێت هەقی پێبدات".

وتیشی: یەکێکی تر لە گرفتەکان خێزانی منالەکانن کە هیچ لە پرۆگرامەکە نازانن و ئەرکی ئێمەشی قورس کردوە، بۆیە ئەم پرۆگرامە باش نیە، چونکە منالْ فێری هیچ ناکات تەنها وشە نەبێت.

بەهەمان شێوە، شۆخان قادر حمە، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (داری خلە)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەم پرۆگرامە باشە، بەڵام بۆ کاتێک هەمو ئامادەکارییەکی بۆ کرابێت و لە پۆلێکدا (15)تەلەبە هەبن، هەربۆیە ئەم پرۆگرامە بکرایە بە ئیختیاری باشتر دەبو لە ئێستا".

وتیشی: ئەم سیستەمە لەگەڵ ژینگەکەمان ناگونجێت.

**ب. مامۆستایانی پەروەردەی کفری:**

جیاواز لە بۆچونی بەشێک لە مامۆستایانی سنوری پەروەردەی کەلار، مامۆستایانی پەروەردەی کفری گرفتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستدا نیە و دەڵێن پرۆسەکە بەباشی دەروات.

ژیان سیامەن جەعفەر، پسپۆڕی بایەلۆجی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (هەتاو)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "هیچ گرفتێکی زمانەوانیم نیە ئەوەی گرفت بێت کەمو کورتی هەیە لە پرۆسەکە و ژمارەی قوتابی زۆرە لە پۆلێکدا و ناتوانم بە گروپ وانەیان پێ بڵێمەوە، بەڵکو بەڕێگای تاک ئەوە دەکەم و زۆرتر بە پراکتیکی وانەکە روندەکەمەوە، هەمو رۆژێکیش کیوزی رۆژانەیان پێدەکەم".

وتیشی: پێم باش نیە هەڵبوەشێتەوە، بەڵام پرۆگرامەکە ئاسان بکەنەوە، چونکە بۆ ئاستی منداڵ ناگونجێت.

ئاماژە بەوەشدەکات: لە سەرەتای دەوام خێزانەکان دەهاتن دەترسان منداڵەکانیان لەو بابەتانە بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا راهاتون و دڵنیابون کە منداڵەکانیان بەباشی فێردەکرێن.

بەشێک لە مامۆستایانیش وەک خۆیان دەڵێن گرفتێکیان نیە لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی کە هەیە لە ناوەندەکان.

هاوشێوەی ژیان، هێرۆ غازی مەجید، پسپۆڕ و مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانەی (کیماش)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری باس لە نەبونی گرفت دەکات لەگەڵ ئەو بابەتانە و دەڵێت: "هیچ گرفتێکم نیە لەگەڵ ئەم سیستەمە، بمێنێتەوە یان بگۆڕدرێت ئەوە پەروەردە دەزانێت".

بەپێچەوانەی رای مامۆستایانی دیکە هەندێک لە مامۆستایان پێیان وایە ئەم پرۆگرامە کاریگەری زۆری لەسەر فێرخواز بەجێهێشتوە و وایکردوە بگوازنەوە ناوەندە کوردییەکان.

دڵشاد کەریم محەمەد، پسپۆڕی وەرزش و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەم سیستەمە قورسە و کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر قوتابیان و وایکردوە بەشێکی زۆریان بگوازنەوە ناوەندە کوردییەکان لە کۆی (28) قوتابی لە قۆناغی چوار (14) قوتابیان گواستویانەتەوە.

## 3. گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست لە دەرەوەی شار

گۆڕینی پرۆگرام لە ناوەندەکانی خوێندن پێویستی بە ئامادەکاریی پێشوەختە هەیە لە لایەن پەروەردەوە، بەڵام ئەوەی بوەتە رێگری گەورە لە پێش ئەم سیستەمە نوێیەدا نەبونی ئەو ئامادەکارییانەیە.

مەریوان حسێن، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (ئاینده)ی بنەڕەتی لەناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئەم سیستەمەی کە هەیە بۆ هیچ ناوەندێک گونجاونیە بیخوێنێت، چونکە هیچ ئامادەکاری بۆ نەکراوە کە سادەترینیان پێداویستی فێرکارییە، مامۆستاکانیش زۆربەیان بە قاموس بەپێوەن بە خۆشمەوە کە قاموسەکەم لێوەربگیرێت رەنگە نەتوانم وانەکە بڵێمەوە".

وتیشی: ئەم سیستەمە بۆ قۆناغی چوار قورسە، چونکە تاقیکردنەوەی هەیە، دواتر هیچ هەست ناکەم سودی هەبێت بۆ قوتابی لەبەر ئەوەی زۆر هیلاکی ئەکات، دواتریش سەرلێشێوانی دروستکردوە لەنێو وانەکانی تری، بۆیە باشترە هەڵبوەشێنرێتەوە، لەبەر ئەوەی نە قوتابی لێی رازییە نە مامۆستاش.

بەهەمانشێوە، محەمەد فەتاح ئەحمەد، پسپۆڕی وەرزش و مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانەی (هیوا)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "ئەم بابەتانەی کە کراون بە ئینگلیزی وەک پێویست هەقی نادرێتێ بە خۆشمەوە، هەرچەن کتێبەکەش بەراورد دەکەم لەگەڵ کوردییەکەدا، بەڵام هەر ناتوانین هەقی بدەینێ، کەمی کاتیش یەکێکی ترە لە گرفتەکان سەرباری نەبونی پێداویستی فێرکاری".

وتیشی: وەک پرۆگرام خراپ نیە، بەڵام ئامادەکاری بۆ نەکراوە، هەروەک خێزانی منداڵەکان یەکێکی ترە لە گرفتەکان کە بەبەردەوامی دێنەلامان، چونکە هیچ لە بابەتەکان نازانن، تەنانەت کە بە کوردی ژمارەکان دەڵێمەوە هەموی بەشداری دەکات بەس بۆ ئینگلیزییەکە چەن دانەیەکن.

ئاماژەی بەوەشکرد: کاریگەرییەکانی ئەم بابەتانە لە ئێستا وایە ساڵانی دواتر خراپتر دەبێت، چونکە مامۆستامان هەیە منداڵەکەی ئەگوازێتەوە ئەی ئەوانەی تر چیبکەن، بۆیە پرۆگرامەکە بەم هەمو گرفتەوە سەقەتە.

## 4. شێوازی دابەشکاری ناوەندەکان لە دەرەوەی شار بۆ گۆڕینی سیستەمەکە چۆنە

لە تەواوی ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی کەلار لە ناحیەکان تەنها دو ناوەند بابەتەکانی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی دەخوێنن، ئەمە لە کاتێکدا لە پەروەردەی کفری هیچ ناوەندێک نیە لە ناحیەکان ئەم سیستەمە بخوێنن.

هەمزە محەمەد تۆفیق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاینده)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "بە کۆی گشتی پرۆسەکە باشە ئەگەر ئامادەکاری و پلانی بۆ دانرابێت، بەڵام هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکراوە لەهەموی گرنگتر مامۆستای پسپۆڕە کە زۆر کەمە".

وتیشی: لە کۆی تەواوی ناوەندەکانی ناحیەی رزگاری بەس ئێمەین کە بەم سیستەمە ماوینەتەوە هەموی هەڵوەشاوەتەوە، ئێستاش کە ماوینەتەوە بە ئیجباری ماوینەتەوە، چونکە ئەمە بریاری وەزارەتە، پێمان باشە هەڵبوەشێتەوە.

بەهەمانشێوە، عوسمان رەحیم عەبدوڵا، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هیوای)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "یەکێک لە گرفتەکانی ئەم بابەتانە کە کراون بە ئینگلیزی ئەوەیە پرۆسەکە لە کاتی بایکۆت هاتە ناوەندەکان، ئەمەش وایکرد کە منداڵ فێری هیچ نەبێت، دواتر مامۆستای پسپۆڕی بۆ ئامادە نەکراوە ئەوانەی کە هەن مامۆستایانی ساڵانی پێشوترن کە پرۆگرامە کوردییەکەیان خوێندوە".

## 5. بەڕێوبەرانی ناوەندەکان چۆن باس لە گرفتەکانی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست دەکەن

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان زۆرینەی ناوەندەکانی خوێندن پێداویستیەکانیان لەگەڵ ئەو سیستەمەدا ناگونجێت، بەشێک لە بەرێوبەری ناوەندەکانیش باس لەوەدەکەن پێویسیان بە جێگەی تایبەت هەیە نەک بینایەکی سادە، سەرباری چەندین داواکاری تر.

**١. گرفتی قوتابخانەکانی کەلار**

گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست لە پێشتردا تاقیکردنەوە بو، بەڵام لە ئێستادا بەبێ خواست و ویست سەپێنراوە بەسەر ناوەندەکاندا.

ئاراز فواد ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید خەلیل وەهاب)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست لە ناوەندەکان پێشتر وەک تاقیکردنەوەبو، کە تاقیمانکردەوە گرفتی زۆر هەبو پێمان باش بو ئەم سیستەمە هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە کەمو کورتی زۆر بو، هەروەها ئەم بابەتانە بەم زمانە قورسە بەتایبەت بۆ قۆناغی چوار".

وتیشی: لە ئێستادا ئەم سیستەمە لە ناوەندەکان ئیجبارییە وەزارەت ناچاری کردوین، هیچ پرس بە مامۆستایان و بەڕێوبەران نەکراوە کە ئەم سیستەمە گۆڕدراوە.

بەهەمانشێوە، محەمەد مەحمود کامەران، بەڕێوبەری قوتابخانەی (کانی)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "پرۆسەکە باشە لە روی زانستییەوە و سەردەمیانەیە، بەڵام لە روی پراکتیکیەوە قورساییەکی زۆری خستوەتە سەر ناوەندەکان، چونکە لە کاتێکدا ئەم سیستەمەیان هێنا قەیرانی دارایی بو ئەمەش کاریگەری زۆری هەبو، هەروەها بابەتەکان زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت".

وتیشی: خێزانەکان ناچارن منداڵەکانیان بگوازنەوە ئەو ناوەندانەی کە کوردین بەهۆی ئەوەی کە سیستەمەکە قورسە و زۆرێکیشیان نەخوێندەوارن، گرفتەکەش زیاتر لە بابەتی زانستە وەک لە بیرکاری، هەوڵی زۆریشمان داوە هەڵبوەشێتەوە.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن کە گرفتی نەبونی مامۆستای تایبەت بە بابەتەکان هەیە لە ناوەندەکان لە کاتێکدا دەبو گرنگی زۆر بە مامۆستا بدرێت.

دلێر سەلام حەمید، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هەڵوێست)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "سیستمەکە باشە و خراپ نیە، بەڵام نەک بەم شێوەیە کە تۆ مامۆستات نیە وانە بڵێتەوە و هەق بە بابەتەکە بدات ئەوەشی هەیە وانەبێژە.

وتیشی: ئێمە مامۆستامان هەیە منداڵەکەی خۆی گواستوەتەوە بۆ ناوەندە کوردییەکە، ئەو خێزانانە چی بکەن کە خوێنەوارییان نیە یان لە بابەتەکە تێناگەن، بۆیە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمەین.

**ب. گرفتی قوتابخانەکانی کفری**

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی لە گۆڕینی ئەم پرۆگرامە چاوەڕوان دەکرێت دروستبێت گرفتی زمانەوانیە، بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن بە هێنانی ئەم سیستەمە زمانی کوردی کاڵ دەکرێتەوە سەرباری چەندین گرفتی دیکە.

ئارام محەمەد بابە، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هەتاوی)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانست گرفتەکانی دو جۆرن شوێن و گەیاندنە کە مامۆستایان ئەگرێتەوە، هەروەها گرفتێکی تر خێزانی قوتابیانە کە بەهۆی ئەوەی وانەکان قورسە و زمان نازانن بەردەوام دێنەلامان و داوای نەمانی ئەم پرۆگرامە دەکەن".

وتیشی: بەهۆی ئەم سیستەمە وا خەریکە زمانە کوردییەکە لەناو ئەچێت، چونکە تەلەبەکان هەتا سەت بە ئینگلیزی ئەژمێرێت نازانێت بە کوردی، یەکێکی تر لە گرفتەکان قۆناغی چوارن کە ئەسیلەیان هەیە و مامۆستاش داماوە کە چۆن پرسیار دابنێت، مامۆستاکانیشمان وانەبێژن هەمویان ناشتوانی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەی لەبەر ئەوەی واز ئەهێنێت.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن ئەم سیستەمە کە هاتە ئاراوە کاتەکەی گونجاو نەبو لە کاتی بایکۆت بو، هەروەها تەواوی ناوەندەکان پەیوەست نەکران بە وتنەوەی ئەم بابەتانەوە.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "دانانی سیستەمی ئینگلیزی بۆ بابەتەکانی بیرکاری و زانست گونجاوە، بەڵام لە چەن رویەکەوە گرفت هەیە، یەک لەوانە لایەنی کارگێڕییە وا بۆ ماوەی چوار ساڵە ئەم سیستەمە بوە بە ئینگلیزی، بەڵام ناوەندەکان بە گشتی پەیوەست نەکراوە بۆ وتنەوەی وانەکان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە وەزارەت بۆ خۆیان دو دڵن لە سیستەمەکە".

وتیشی: خێزانەکان پێیان باشە بە کوردی بێت، چونکە بەشێکی زۆری خێزانەکان ئینگلیزی نازانن ئەمەش گرفتێکە بۆ ئەوان.

لە هەندێک ناوەند بە پێچەوانەوەن و لەگەڵ سیستەمی بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستدان و پێیان باشە بەردەوامی هەبێت.

محەمەد عەبدوڵا شەهوار، بەڕێوبەری قوتابخانەی (رزگاری)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "پاڵپشتی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانستم و هاوکاری مامۆستاکانم بوم ئەوەیان ویستبێت بەپێی توانا بۆم دابین کردون، پرۆسەکەش لەلای ئێمە بەباشی دەروات و گرفتێکی ئەوتۆمان نیە، هەروەها قوتابیەکانیشمان باشن".

وتیشی: لیژنەیەکمان دروست کردوە و لە مامۆستایانی ئینگلیزیش پێکهاتون لە بونی گرفتێک لە واتای وشەیەک یان خوێندنەوە ئەوان هاوکاری مامۆستایانی ئەو دو بابەتە بن.

## 6. خێزانی فێرخوازان چی دەڵێن لەبارەی کاریگەرییەکانی بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری

بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانست هەر گرفتی بۆ مامۆستایان و ناوەندەکان دروست نەکردوە، بەڵکو گرفتی بۆ زۆرێک لە خێزانەکانیش دروست کردوە، چونکە بەشێکی زۆریان خوێندەوارییان نیە و بەشێکیشیان زمان بەباشی نازانن.

کەژاڵ حسێن ئەحمەد، کە کابانیماڵەوەیە سەبارەت بە بونی ئەو گرفتانەی کە روبەرویان بوەتەوە بەهۆی گۆڕینی سیستەمی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی دەڵێت: "دو منالّم هەیە کە بابەتی بیرکاری و زانستیان بوە بە ئینگلیزی ئەگەر پوریان نەبێت کە پێیان دەخوێنێت ئەوە زۆر خراپ دەبێت، چونکە هیچ لە خوێندن نازانم بۆیە بۆ ئێمە زۆر قورسە، ئەگەرچی بۆ مامۆستاکانیان قورس ترە و وەک پێویست ناتوانن وانەکە بە قوتابیان بگەیەنن".

ئەم گرفتە بە تەنیا گرفتی کەژاڵ نیە بەڵکو، کچان محەمەد، کە کابانی ماڵەوەیە هیچ خوێنەوارییەکی نیە هەمان گرفتی هەیە و کەسێک شک نابات وانە بە منالّەکانی بلێتەوە بەهۆی ئەوەی سیستەمەکە بوە بە ئینگلیزی و ئاماژە بەوەدەکات: "لە ماڵەوە کەسم نیە دەرس بە منالّەکانم بداتەوە، چونکە ئینگلیزیە و کەس لێی تێناگات ئەگەر زمان نەزانێت، ئێمە ئەگەر کوردییەکە بوایە هەمو کەس دەیتوانی لێی بگات و بە ئاسانی بیخوێنێت".

وتیشی: مامۆستاکانیشیان ناتوانن وەک پێویست وانە بە منالّەکان بلێنەوە، چونکە ئەوانیش هیچ لە زمانەکە و لە بابەتەکە وەک پێویست تێناگەن.

ئەگەرچی مامۆستایە و گرفتێکی ئەوتۆی نیە، بەڵام گۆڕینی سیستەمی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی بە گونجاو نازانێت، ئەمەش وتەی ژینۆ محەمەدە و ئەوەدەخاتەرو: "ئەم سیستەمە هیچ گونجاو نیە بەتایبەت بۆ قۆناغی یەک، چونکە رۆژانە لە منالّەکەم دەپرسم چیتان خوێندوە نازانێت بۆم باس بکات کە چیان خوێندوە، لەکاتێکدا ئەمە کوردی بوایە جیاوازتر دەبو، لەگەڵ ئەوەش هەمو کەس دەیتوانی وانە بە منالّەکەی بلێتەوە".

وتیشی: گرفتەکە زیاتر لە وانەی زانستە، چونکە باسی گەشەی روەک و باسی گیانلەبەران دەکات ئەمە قورسە بۆ منداڵێک، سەرباری قورسیەکەی بۆ مامۆستایان کە لەگەڵ زمانەکە رانەهاتون، مامۆستایان بەس شتی سەرەتاییان پێ دەدەن و دەڵێن لە ماڵەوە بخوێنن و ئیتر هیچ زانیارییەکیان نیە لەسەر بابەتەکان، چەندین جاریش رۆشتوینە پەروەردە سودی نەبوە و ئەڵێن پێمان وتراوە ئەم قوتابخانانە ئەبێت بمێنێتەوە.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی سیستەمە نوێیەکە روبەروی ئەو خێزانانە بوەتەوە کە پێشتر منداڵەکانیان لەسەر ئەو سیستەمە خوێندویانە و ئێستا هەڵوەشاوەتەوە.

شەرمین محەمەد، کابانی ماڵەوەیە و تا رادەیک خوێندەواری هەیە سەبارت بە کاریگەرییەکانی سیستەمی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست لە دوای هەڵوەشاندنەوەی لە ناوەندی منداڵەکەی ئاماژە بەوەدەکات: "ساڵی پار منداڵەکەم بە سیسەمی ئینگلیزی ئەو دو وانەیان دەخوێند، بەڵام ئەمساڵ هەڵوەشاوەتەوە، زۆر قورس بو بۆی.

وتیشی: ئەوەی گرفتە ئەوەیە تا منداڵەکەم راهێنایەوە بە کوردی بنوسێت بە تایبەت بیرکاری قورس بو، هەتا ماوەیەک پێش ئێستاش هەندێ ژمارەی بە ئینگلیزی دەنوسی".

بەهەمانشێوە، جوان ئیسماعیل، کە روخساری بێزارییەکی زۆری پێوە دیاربو سەبارەت بە کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی بابەتی بیرکاری و زانست لەسەر خوشکەکەی وتی: "ساڵی پار هەتا خوشکەکەمم راهێنا کە ژمارەکانی بیرکاریم بە ئینگلیزی فێرکرد شێت بوم، کەچی ئەمساڵ دیسان دانیشتوم بە کوردی فێری دەکەم، چونکە ئەو سیستەمە لە ناوەندەکان هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەش وەک ئەوە وایە یاری بە مێشکی منداڵ بکەن، ئەگینا ئەمە پەروەردە و فێرکردن نیە".

## 7. بەڕێوبەری ناوەندەکان چۆن باس لە کردنەوەی خولی مامۆستایان دەکەن

هەرچەندە خولی راهێنان بۆ مامۆستایانی بابەتی بیرکاری و زانست کراوەتەوە کە بە ئینگلیزی دەخوێندرێت، بەڵام مامۆستایان ئامادە نین وانەکە بڵێنەوە، چونکە زمان نازانن.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "مامۆستایانی ئەو دو بابەتە کە کراون بە ئینگلیزی خولیان بۆ کراوەتەوە، بەڵام دوای تەواو بونی خولەکە ئامادەییان تێدا نیە وانەکە بڵێنەوە، چونکە هەر پێیان قورسە و زمانەکە نازانن وەک پێویست، لەگەڵ ئەوەش بێ بایەخ لە بابەتەکان دەڕوانن".

ئەو مامۆستایانەی کە هەن لە ناوەندەکان وانەبێژن لە کاتێکدا پێویستی دەکرد میلاک بن و رابهێنرێن، چونکە وانەبێژەکان ساڵێکی تر دەرۆن و نامێننەوە.

هەمزە محەمەد تۆفیق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاینده)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "خول ئەکرێتەوە بۆ یەک مانگ لەکوێ دەتوانرێت بەو ماوە کەمە مامۆستایەک پەروەردە بکەی پرۆگرامێکی وا بڵێتەوە، ئەوانەشی هەن وانەبێژن دەورەکەیان بنیوە ساڵێکی دی دەرۆن، ئەمە پلان نیە پێویسستە وەزارەت پلانی هەبێت بۆ ئەمە".

هەر قوتابخانەی ئاینده نیە کە ئەو بابەتانە لە لایەن مامۆستایانی وانەبێژەوە بوترێنەوە بەڵکو لە قوتابخانەی (هیوای)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز بەهەمانشێوەیە، عوسمان رەحیم عەبدوڵا، بەڕێوبەری قوتابخانەکە دەڵێت: "ئەوانەی کە پسپۆڕی بابەتەکانن بەتایبەت وانەبێژەکان، وانەکانی خۆیان بەشێکیان هەر بە ئینگلیزی خوێندوە و خولەکەش کە بۆیان کراوەتەوە تا رادەیەک باشە، بەڵام ئەوەی گرفتە ئەوەیە کە مامۆستا پسپۆڕ نیە و خولێکی یەک مانگییان بۆ ئەکرێتەوە ئەویش لە کاتی دەوام سودێکی ئەوتۆی نابێت بۆیان، بۆیە پێویستە پێشوەخت تۆ مامۆستا ئامادە بکەی و لانی کەم چەن مانگێک خولەکە بەردەوام بێت".

بەشێک لە بەڕێوبەران کاتی ئەنجامدانی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بە گونجاو نازانن و دەڵێن ئەو کارە بە پلان نەکراوە.

ئاراز فواد ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید خەلیل وەهاب)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "وەزارەت و پەروەردەش پلانی نەبو بۆ خولەکە، چونکە لە کاتی دەوام کرایەوە، لە کاتێکدا ئەبوایە پێش دەوام ئەوەی بکردایە و لە کاتی دەوام ئامادە بونایە بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی وانەکان بەباشی بخوێندرایە، تەنانەت ئێمە سێ جار مامۆستامان گۆڕا".

"ئێمە مامۆستایانمان ناردوەتە خول کە هاتونەوە ئامادە نین وانەکان بڵێنەوە و ئەڵێن ناچارییە ئەمە، ئێمە ناتوانین، بە مانگێکیش ناتوانیت مامۆستایاکی بێ گرفت پەروەردە بکەی". ئارام محەمەد بابە، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هەتاوی)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وا دەڵێت.

## 8. مامۆستایان تا چەند زمانی ئینگلیزی دەزانن

پسپۆڕنەبون و ئامادەنەبونی مامۆستایان بۆ وتنەوەی پرۆگرامە نوێیەکەی بوەتە هۆی ئەوەی بەشێکی ئەو وشانەی بە فێرخوازانی دەڵێنەوە خوێندنەوەکەی دروست نەبێ ئەمەش کاریگەی خراپی دەبێت لەسەریان.

بەڕێوبەری قوتابخانەی (کانی)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، محەمەد مەحمود کامەران، دەڵێت: "ئەوانەی کە پسپۆڕی بابەتەکەن بەتایبەت بیرکاری وانەکانیان هەر بە ئینگلیزی خوێندنەوە ئەمەش کەم گرفتی دروست کردوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەوانەی کە پسپۆڕ نین قورسەو لە هەمو ناوەندەکانیش وشەکان بە هەڵە ئەخوێندرێنەوە".

بەڕێوبەرێک باس لەوەدەکات گرفتی زمانەوانیەکە هێندە تۆخە دەربڕینی وشەیان بە هەڵە بە قوتابیان دەگات ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت.

ئارام محەمەد بابە، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هەتاوی)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "مامۆستامان هەیە لە روی زمانەوانی خراپە و زمانەکە نازانێت و بە هەڵە دەری ئەبڕێت وشەکان، ئەمەش گرفتە، ئەگەرچی بە مامۆستایانی ئینگلیزیمان وتوە هاوکارییان بن لە هەر وشەیەک کە ئەبێتە گرفت بۆیان".

بە هەمانشێوە، عوسمان رەحیم عەبدوڵا، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هیوای)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "مامۆستایان زمانەکە نازانن ئەوەشی کە دەیزانن بە هەڵە دەری ئەبڕن، ئەمەش وا ئەکات ئەو منداڵانە بەهەڵە وشەکان وەربگرن".

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی بەشێکی زۆری مامۆستایان زمانی ئینگلیزی نازانن و بە ناچاری وانەی بیرکاری و زانست دەڵێنەوە.

دڵشاد کەریم محەمەد، پسپۆڕی وەرزش و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "وەرزشم تەواو کردوە و زانست ئەڵێمەوە، لە کاتێکدا لە پۆلی شەش بە زۆر لە ئینگلیزی دەرچوم ئێستاش وانە بە ئینگلیزی بە من ئەڵێنەوە بە ناچاری".

"راستە پسپۆڕیم ئینگلیزیە، بەڵام قەواعدم خوێندوە نەک وشەی زانستی، بۆیە ئەم سیستەمە لە ئاستی مامۆستای بایەلۆجیە نەک ئێمە کە لە روی زمانەوانی زانستی لاوازین". ئەمە وتەی جوان عومەر موسا، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (سجادی)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار.

## 9. پێداویستی فێرکاری لە ناوەندەکان

لەگەڵ گۆڕینی هەر سیستەم و پرۆگرامێکدا پێویستە پێشتر پێداویستیەکانی ئەو سیستەمە ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ئاستەنگ و گرفتی روبەڕو نەبێتەوە، بەڵام گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست لە کاتێکدایە ئەو دو بابەتە بەشێکی پەیوەستە بە پێداویستی و دەبێت بە پراکتیکی بخوێندرێت بۆ ئەوەی قوتابیان تێبگەیەندرێن بێ ئەوەی پێداویستی بۆ دابینکرابێت.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "نەبونی شوێنی گونجاو و کەرەستەی پێویست لەو ناوەندانەی کە بابەتی بیرکاری و زانستیان کردوە بە ئینگلیزی، چ لە پەرتوکی مامۆستا بێت یان فەرهەنگی تایبەت و پێداویستی فێرکاری بۆ ئەوەی کار ئاسانی بێت بۆیان، بونی نیە و گرفتی دروستکردوە".

تەواوی ئەو ناوەندانەی کە بابەتی بیرکاری و زانست کراون بە ئینگلیزی تێیدا پێداویستی فێرکارییان نیە کە سادەترینیان داتاشۆیە بە تایبەت لە ناوەندی ناحیەکان.

عوسمان رەحیم عەبدوڵا، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هیوای)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز باسلەوەدکات نەبونی پێداویستی فێرکاریی لە ناوەندەکان لە کاتێکدایە ئەو دو بابەتە پێوستی بەوەیە بە پراکتیکی بخوێندرێت و هەر پۆلەو داتاشۆیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت.

هەمزە محەمەد تۆفیق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئایندە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری ئەوەدەخاتەرو: بیرکاری و زانست پێویستی بە داتاشۆ و جێگەی گونجاو هەیە ئەمانە هیچ پلانی بۆ دانەنراوە ئەگەرچی سیستەمەکە باشە، یەک داتاشۆمان هەیە نازانم لە کوێ داینێم".

بەڕێوبەرێک باس لەوەدەکات گەورەترین گرفتیان کە هەبێت کارەبایە کە تێکەڵە لەگەڵ ماڵان لە نەبونی کارەباش خوێندنی وانەکانی بیرکاری و زانست بە پراکتیکی پەکی دەکەوێت.

ئاراز فواد ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید خەلیل وەهاب)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "ئەم ناوەندانەی کە کراوە بە سیستەمی ئینگلیزی دەبوایە جیاواز لە ناوەندەکانی تر گرنگی پێدرابە چ لە رو پێداویستی فێرکاری چ لە روی جێگەی تایبەت چ لە روی کارەباوە، کە کارەبای ئێمە لەگەڵ ماڵاندایە کە بڕا ئیتر ناتوانرێت ئەو وانانە بخوێنین داواشم کردوە نەکراوە".

بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەی کە دواندومانن باس لەوەدەکەن پێداویستی پێویستیان نیە بۆ ئەوەی بتوانن قوتابیان بە پراکتیکی فێری وانەکان بکەن، یەکێک لە مامۆستاکان بە تەنزەوە وتی داتاشۆ هەیە ئەویش خۆڵ گرتویەتی.

نەبەز مەحمود محەمەد، پسپۆڕ و مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانەی (موکریان)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەم سیستەمە پێویستی بە پێداویستی فێرکارییە بە تایبەتیش داتاشۆ، لە کاتێکدا ئێمە داتاشۆکەمان هێندە خۆڵی گرتوە لە سپلیتەکان خراپتر، وە هیچ پێداویستیەکی فێرکاریمان نیە، داواش دەکەین ئیدارە ئەڵێت پارە نیە خۆتان بیکڕن ئیتر مناڵ چۆن پەروەردە دەکرێت".

## 10. کات تا چەند گونجاوە لەگەڵ سیستەمی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست

یەکێکی تر لە گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست کەمی کاتی وانە وتنەوەیە، هاوکات بەڕێوبەری ناوەندەکان و مامۆستایان باسلەوەدەکەن پێویستە کاتی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ ئەو ناوەندانەی کە بون بە ئینگلیزی.

هەمزە محەمەد تۆفیق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئایندە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "یەکێکی تر لە گرفتەکان کەمی کاتە بە (40) دەقیقە لە کوێ دەتوانرێت پرۆگرامێکی وا بخوێندرێت بە داتاشۆ، لە کاتێکدا ئەم سیستەمە بۆ یەک دەوامی کراوە لە بەیانی تا ئێوارە".

هاوشێوەی هاوتاکەی، ئاراز فواد ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید خەلیل وەهاب)ی بنەڕەتی لە کەلار ئەوەدەخاتەرو: "دەبوایە هێندە کات زۆر بوایە تەلەبە ئەرکی ماڵەوەی نەبوایە و ئێمە بەس دەتوانین شتەکانیان بۆ رونکەینەوە، ئەمەش گرفتی بۆ زۆر خێزان دروست کردوە کە هیچ لە سیستەمەکە نازانن یان خوێندەوارییان نیە".

هەندێک لە بەڕێوبەران پێیان وایە دەبێت ئەو ناوەندانەی کە بیرکاری و زانستیان کراوە بە ئینگلیزی کاتی دەوامکردنیان جیاوازتربێت لەو ناوەندانەی کە خوێندنیان کوردیە.

محەمەد مەحمود کامەران، بەڕێوبەری قوتابخانەی (کانی)ی بنەڕەتی لە کەلار باسلەوەدەکات: ئەو ناوەندانەی کراون بە ئینگلیزی هەمان کاتی ناوەندەکانی تریان هەیە لە کاتێکدا ئەبێت وانەبێت، لە هەمان کاتدا ئەبێت بینای تایبەتیان بۆ دابین بکرێت و مامۆستای تایبەت و کاتی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت، خوێندنی ئەم وانانە بەم کاتە کەمەی کە هەیە سودی ئەوتۆی نابێت".

مامۆستایان باس لەوەدەکات کاتیان زۆر کەمە، چونکە بابەتەکان قورسن بەتایبەت زانست هەندێک زاراوەی تێدایە بۆ زانکۆ باشە. دڵشاد کەریم محەمەد، پسپۆڕی وەرزش و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری جەختی لەوەکردەوە: "کات زۆر کەمە بەشی هیچ ناکات بەتایبەت زانست کە هەندێک زارەوەی تێدایە بۆ خوێندکاری زانکۆ باشە نەک بۆ قوتابیان بەو کاتە کەمەوە".

"کەمی کات گرفتێکی دیکەی بەردەم ئەم پرۆسەیەیە، چونکە کاتی زۆری ئەوێت، کاتی ئێمەش تەنها (40)دەقەیە کە بەشێکی بە دوبارە کردنەوەی وانەکانی پێشوتر ئەچێت بەهۆی ئەوەی کە لەماڵەوە خێزانەکان بەشێکیان خوێنەوارییان نیە".

## 11. خولەکانی راهێنان سودی بۆ مامۆستایان هەبوە

هەر پرۆگرامێکی نوێ کە دادەنرێت پێویستی بە راهێنانی ئەو ستافەیە لەبارەی زانینی وردەکارییەکانیەوە بۆ ئەوەی بە باشی بیگەیەنن، هەندێک لە مامۆستایان کردنەوەی خول بە گرنگ دەزانن، چونکە سودیان لێبینیوە، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە دەڵێن تەنها مانگێک ناتوانێت مامۆستایەک پەروەردە بکات بابەتەکانی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی بڵێتەوە.

شۆخان قادر حمەسابر، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (داری خلە)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هیچ سودێکم لە خولەکە نەبینیوە، چونکە وەک منداڵێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەکردین هیچ کتێبیان پێنیشان نەدەداین و وەک منداڵ سەرەتای بابەتەکانیان پێ دەخوێندینەوە".

نەبەز مەحمود محەمەد، بوچونەکەی پێشو پشت راستدەکاتەوە کە خولەکە سودی ئەوتۆی نەبوە، ئەو کە مامۆستا و پسپۆڕی بیرکارییە لە قوتابخانەی (موکریان)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هیچ سودم لە خولەکە نەبینیوە، بەڵام زانیاری خۆمم هەیە، کتێبێکی (200) لاپەڕەی کراوە بە ئینگلیزی لە کوێ مامۆستا بە مانگێک بۆ پرۆگرامێکی وا ئامادە دەکرێت، یەکێک لە خاڵەکانی بێ پلانی وەزارەت ئەوەیە لە کاتی دەوام خول کراوەتەوە".

مامۆستایەک رای پێچەوانەوەی هەیە و ئەوە روندەکاتەوە ئەو خولەی کە کراوەتەوە بۆ ماوەی مانگێک سودی تەواوی هەبوە. ژیان سیامەن جەعفەر، پسپۆڕی بایەلۆجی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (هەتاو)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەو خولەی کە کرایەوە بۆ ماوەی مانگێک باشبو بۆ بابەتەکە".

سەرباری ئەوانەش مامۆستای دیکەش هەیە کە خولی نەبینیوە و وانەکەش دەڵێنەوە.

جوان عومەر موسا، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (سجادی لە کەلار دەڵێت: "من خولم نەبینیوە، داوای بەرنامە و شریتی خولەکەم کرد بەدەستم نەگەشتوە، ئەوەی کردومە خۆم هەوڵمداوە و پەرەم بە تواناکانم بدەم".

هەندێک لە مامۆستایان بە سەرسوڕمانیەوە دەپرسن ئایە تەنها مانگێک بەسە بۆ مامۆستایەک کە زمان نەزانێت و سیستەمێکی لەو شێوەیە بلێتەوە.

## 12. مامۆستایان پشت بە چ سەرچاوەیە دەبەستن بۆ زیادکردنی زانیارییەکانیان

فەرهەنگی (قاموس) زمانی ئینگلیزی ئەو سەرچاوەیەیە کە زۆرینەی مامۆستایان لە کاتی وتنەوەی وانەکاندا بەکاری دەهێنن و پشتی پێدەبەستن بۆ رونکردنەوەی وشە و زاراوەکانی نێو کتێبەکە.

شۆخان قادر حەمە، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (داری خلە)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار باسلەوەدەکات: "بۆ پەرەدان بە توانای زمانەوانی و ئاستی زانستیم قاموس بەکارەهێنم بە بەردەوامی".

"بۆ ئەوەی پەرە بە توانای زمانەوانیم بدەم لەماڵەوە سەعی دەکەم و ئەو سەرچاوانە بەکاردەهێنم کە زمانەوانی ئینگلیزی بەهێز دەکەن". هودە عومەر ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی بیرکاری لە قوتابخانەی (شەنگال)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وای وت.

مامۆستایەک باس لەوەدەکات وەزارەت پلانی نەبوە بۆ ئەوەی رێبەرییەک دابنێت بۆ ئەوەی مامۆستایان لەو رێگەیەوە پەرە بە توانای خۆیان بدەن. دڵشاد کەریم محەمەد، پسپۆڕی وەرزش و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "هیچ رێبەرییەک نیە بۆ مامۆستایان تا پەرە بە توانای خۆیان بدەن، ئەوەی هەیە کتێبە کوردی و ئینگلیزییەکە بەراورد دەکەین بەیەک، یان قاموس بەکاردەهێنین بۆ پەردان بە توانای خۆمان و ئەبێت خۆمان هەوڵ بدەین".

مامۆستایان پێش ئەوەی بچنە وانەوە وەک قوتابیان ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی پەرە بە توانای خۆیان بدەن لە روی ئاستی زانستییەوە.

جوان عومەر موسا، پسپۆڕی ئینگلیزی و مامۆستای زانست لە قوتابخانەی (سجادی)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "پێش ئەوەی بچمە پۆلەوە ئەبێت سەعی بکەم و قاموس بەکارئەهێنم بۆ ئەوەی وشەکان بزانم، ئەم بابەتانە زانستیەو لە ئاستی ئێمە و منالانیش نیە".

## 13. گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست کاریگەری لەسەر بابەتەکانی دیکە چیە

مامۆستایانی بابەتەکانی دیکە بە نیگەرانیەکی زۆر و روخسارێکی خەماوی باس لە گۆڕینی پرۆگرام دەکەن و ئەوە دەخەنەڕو کاریگەری زۆری هەبوە بۆ سەر بابەتەکانیان و فێرخوازەکانیان و ناچاربون بگوازنەوە ئەو ناوەندانەی کە بە کوردی دەخوێنن.

هۆشیار عەلی محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (شەهید خەلیل وەهاب)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "گۆڕینی سیستەمی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست کاریگەری خۆی هەبوە بۆ سەر بابەتەکانی تر، ئەم ساڵ (6) تەلەبەمان گواستویەتیەوە بەهۆی ئەم سیستەمەوە کە زیرەکترین تەلەبەمان بون، چونکە قورس بو بۆیان نەیان دەتوانی نمرە بە دڵی خۆیان بهێنن".

وتیشی: ئەم پرۆگرامە کاتی زۆری ئەوێ بۆ خوێندن بۆیان تەلەبەم هەبوە ئەرکم پێداون نەیان توانیوە بخوێنن، کە لێم پرسین وتویەتی دەرفەتمان نیە بەهۆی ئەو بابەتانەمان کە کراون بە ئینگلیزی.

هاوکات، ئیسماعیل محەمەد شەریف، مامۆستای کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر بابەتەکانی دیکە بە تایبەت قۆناغی چوارەکان، چونکە یەکەم ساڵی تاقیکردنەوەیان کەمتر گرنگی بە بابەتەکانی دیکە دەدەن بەهۆی قورسی و گرانی زمانەوانی ئەو دو بابەتە".

وتیشی: چەندین تەلەبەمان گواستویەتیەوە بە هۆی ئەم سیستەمەوە، چونکە نەیان توانی درێژە پێبدەن و بۆیان قورس بو بەتایبەت زانست.

## 14. گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامی خوێندن بێ پلان بوە

شارەزایەکی بواری پەروەردە باس لەوە دەکات بڕیارەکانی وەزارەت لە روی پەروەردە و فێرکردنەوە جێگەی سەرسوڕمانی و بێ پلانیە بەتایبەت گۆڕینی بابەتی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی ئەمەش کۆمەڵێک گرفتی بۆ مامۆستایان و قوتابیانیش دروستکردوە.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و شارەزای بواری پەروەردە، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕینی سیستەمی بابەتەکان بیرکاری و زانیست رونیدەکاتەوە: "بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن زۆرینەی زۆریان جێگەی سەرسوڕمانن و بێ پلان دەدرێن و لەسەر میزاجی شەخسین! بۆیە بە ئینگلیزی کردنی وانەکانی زانست و بیرکاری دەرئەنجامی

خراپی لێکەوتۆتەوە، نەوەیەک دەبێت بە قوربانی بەهۆی هەڵەکانی وەزارەتەوە!، ئێستا بەشێکی گرنگی خوێندنگاکان دیسانەوە بە بڕیاری وەزارەت وازیان لە بە ئینگلیزیکردن هێناوە، ئایا پێشتر وەزارەت ئەمەی نەدەزانی؟".

وتیشی: هە ربۆخۆی پەشیمان بونەوە لە بە ئینگلیزیکردنی ئەو وانانە هێمایە بۆ ئەوەی دەرئەنجامی خراپی لێکەوتۆتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بە دەورەیەکی یەک مانگ و دومانگی مامۆستا ناتوانێت فێری زمانی ئەو زانستانەش بێت کە بۆیان دەکرێتەوە، هەروەها بەشێک لە مامۆستایان پسپۆڕی خۆیان نییە و بە ناچاری ئەو وانانە دەڵێنەوە، هەروەها ناکرێت و دروست نییە لە روی پەروەردەوە نیوەی وانەکان کوردی بێت و نیوەی ئینگلیزی.

## 15. سەرپەرشتیاران: راوێژمان پێنەکراوە لە گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست

پرۆسەی بە ئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانست کاریگەرییەکانی تەنها لە زاری مامۆستایان و بەڕێوبەران و خێزانی فێرخوازان نیە، بەڵکو سەرپەرشتیارانیش باس لە کاریگەریەکان و گرفتەکانی ئەم پرۆسەیە دەکەن و دەڵێن ئێمەش راوێژمان پێنەکراوە.

مەجید حەمید ساڵح، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زانستەکان لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "کاتێک ئەم سیستەمە هات ئێمە داوای راپۆرتمان کرد لە ناوەندەکان تا چەن لەگەڵ ئەم پرۆسەیەن، بەشێکی زۆری مامۆستایان و بەڕێوبەران لەگەڵی نەبون بە تایبەت ساڵی پار، چونکە هیچ ئامادەکاری بۆ نەکراوە چ لە روی پێداویستی چ لە روی شوێن و کات چ لە روی مامۆستای راهێنراوی تایبەت بە بابەتەکان، ئەمەش گرفتی بۆ زۆرێک لە ناوەندەکان دروست کرد".

وتیشی: ساڵی پار هەمو ناوەندەکانی سەنتەری شاری گرتەوە، بەڵام ئەمساڵ هەڵوەشایەوە و تەنها (13) ناوەند مایەوە، بە کەلار و ناحیەکانی رزگاری و پێبازەوە.

سەبارەت بەوەی تا چەن خولی راهێنان کراوەتەوە ئاماژەی بەوەکرد: خول کراوەتەوە بۆ ماوەی مانگێک، بەڵام ئەم خولە ماوەکەی کەم بو سودێکی ئەوتۆی نەبو، لەگەڵ ئەوەش ئەو ناوەندانەی کە ماونەتەوە ئیجبارین و سەرەتاش وەک تاقیکردنەوە بو ئەوەش بڕیاری وەزارەتە، هەروەها ئەوەی گرفت بوبێت ئەمساڵە کە پۆلی چوارەکانن، چونکە تاقیکردنەوەیان هەیە.

دەشڵێت: هۆکاری مانەوەی ئەم ناوەندانە ئەوە بوە کە هاوسەنگییەک لە نێوان قوتابخانە ئەهلیەکان و حکومەیەکان رابگرن، بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە کەمدەرامەتن و ناتوانن منداڵەکانیان بخەنە ئەهلی، لەگەڵ ئەوەش ئێمە هیچ پرسمان پێنەکراوە کە ئەم سیستەمە گۆڕدرا.

بەهەمانشێوە، یونس ئەحمەد مەحمود، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بیرکاری لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "پرۆسەکە لەسەر داوای بەشێک لە خێزانەکان بوە کە باری داراییان گونجاو نەبوە منداڵەکانیان بخەنە ناوەندە ئەهلیەکان و بە ئینگلیزی بخوێنن داوایان کرد کە بەوشێوەیە بێت، وەزارەتیش بۆ ئەوەی هاوسەنگی رابگیرێت هەندێک ناوەند بیرکاری و زانستی بە ئینگلیزی کرد، ئێمەش پێوە پابەند بوین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تێبینی خۆمانمان پێشکەش کرد کە کەشەکە لەبار نیە بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە جێبەجێبکرێت، چونکە بایکۆت بو لە ناوەندەکان".

وتیشی: هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکرابو بۆ ئەوەی مامۆستایان پرۆسەکە بەڕێوەبەرن بە باشی چ لە روی پێداویستی چ مامۆستایان خۆیان چ کات چ شوێن، تەنانەت زۆرێکیان بە ناچاری ئەم وانەیان وەرگرتوە، چونکە لە روی زمانەوانی و ئاخاوتنیان وەک پێویست نین، بەڵام هیچ یەک لەو تێبینیانەمان وەرنەگیرا کە ئاراستەی وەزارەتمان کرد، تەنانەت تێبینی ئەوەشمان دا کە لە (4بۆ5) ناوەندبێت ئەوەش وەرنەگیرا.

باسیلەوەشکرد: ئەمساڵ بۆ قۆناغی (4) مامۆستایان وتیان ناتوانین وانە بڵێینەوە ئەوەبو بە ناچاری وانەبێژمان بۆ دابین کردوە، هەروەها وەک جاران هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان ناکەین ئەوەی دەکرێت بەڕێوبەری ناوەندەکان ئەو هەڵسەنگاندنە دەکەن لە رێگەی خولێکەوە، ئەوەی ئێمە دەیکەین وەک هاوڕێی رەخنەگر سەردانی ناوەندەکان دەکەین بە گشتی چاودێری دەکەین نەک مامۆستایان و پسپۆڕی خۆیان.

## 16. بەرپرسانی پەروەردە چی دەڵێن لە بارەی بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست لە ناوەندەکان

سەبارەت بە گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانست لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوبەرانی پەروەردە هەریەکە و بە جۆرێک باس لە کێشە و گرفتەکانی ئەم سیستەمە دەکەن چ لەسەر مامۆستایان چ لەسەر قوتابیان.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "ئەمساڵ لە پەروەردەی کەلار تەنها (13) ناوەندمان ئەم سیستەمەیە تاوەکو ئێستا چوار قۆناغمان هەیە، ئەم سیستەمەش سودی خۆی هەیە، بەڵام گرفت ئەوەیە نەپێداویستی وەک پێویست هەیە نەکارەباش وەک پێویستە".

وتیشی: خول کراوەتەوە بۆ مامۆستایان، بەڵام وەک پێویست نیە، چونکە ناتوانرێت بە یەک مانگ مامۆستایەک پێبگەیەنرێت ئەگەر بەردەوامی هەبێت باشترە، هەروەها گواستنەوەی قوتابي حاڵەتە نەبوەتە دیاردە.

باسیلەوەشکرد: مەرجە مامۆستا بە ئینگلیزی وانەکە بڵێتەوە ئەگەر وانەبێت ئیتر بۆچی کراوە بە ئینگلیزی ئەمەش رێنماییە، بۆیە بۆ دانانی وانەبێژەکانی قۆناغی چوار کە رێنمای وەزارەت بو هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس بن پشتمان بە توانا و لێهاتویان بەست نەک نمرە.

بەڕێوبەری پەروەردەی کفری سیستەمەکە بە گرنگ دەزانێت، بەڵام پێی وایە بۆ سەرخستنی پێویستی بە کەسی دڵسۆزە.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری دەڵێت: "ئەم سیستەمە سودی زۆری هەیە، بەڵام کەسی دڵسۆز هەبێت سەرکەوتوە و ئامانجە پەروەردەیەکەی خۆشی ئەپێکێت.

وتیشی: ئەگەر مامۆستایەک نەزانێت لە پسپۆڕی خۆی چی خوێندوە ئیتر بڕوانامە واتا چی؟ دواتر لە (1بۆ 3) کەی هێندە قورسە تا گرفت دروست بکات، بەڵام قۆناغی (4) جیاوازە و تاقیکردنەوەیان هەیە و مامۆستای پسپۆڕیان بۆ دابینکراوە، وانەبێژ بە رێنمای وەزارەت بوە کە ئەبێت بڕوانامەیان بەکالۆریس بن.

باسیلەوەشکرد، مامۆستا هەیە خۆی تاقەتی وانە وتنەوەی نیە و خولیشی بینیوە و هاتوەتەوە مناڵ و خێزانەکانیش ئەترسێنێت ئەوانیش ناچار مناڵەکانیان دەگوازنەوە، خوێندنیش وەک پلەکانە وایە بە مانگێک و هەفتەیەک ئامانجی ساڵێکت بۆ دەرناکەوێت.

لە سنوری گەرمیان پێشتر (77) ناوەند پرۆگرامی گۆردراوە، بەڵام بۆ ئەمساڵ 25 ناوەندی خوێندن ماوەتەوە و بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت تا ئێستا ئەو ناوەندانە وەک تاقیکردنەوەیە.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد سەمین، سەبارەت بە ئینگلیزی کردنی بیرکاری و زانست دەڵێت: "لە سنوری پەروەردەی گەرمیان لە سەرەتا تەنها (43) ناوەند ئەم سیستەمەی تێدا جێبەجێکراو دواتر بۆ ساڵی دوەم کرا بە (77) ناوەند، دیسان هەڵوەشایەوە بۆ (25) ناوەند کە (1) دانەیان ئەکەوێتە خانەقین، ئەم ناوەندانەش تاقیکردنەوەیە تاوەکو ئێستا".

وتیشی: ئەو ناوەندانەی کە کراون بەم سیستەمە لەسەر بنەمای ئەوە دانراون کە مامۆستای میلاکی ئەو دوبابەتەیان هەیە و لەسەر شوێنی جوگرافی ناوچەکەش کە هەموی وەک یەک سودمەندبێت لێی، لە تەواوی گەرمیان ئەو ناوەندانەی کران بە ئینگلیزی ئەمساڵ هەڵوەشایەوە و تەنها ئەو ناوەندانەی کەسەرەتا کرابون بە ئینگلیزی مانەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە رێگەی سەرپەرشتیارانەوە هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان ئەکرێت و دواتر تێبینیەکانیان دەگەیەننە ئێمە.

پێچەوانەی بۆچونی بەرێوبەری پەروەردەی کەلار کە دەڵێت رێنماییە و مامۆستایان دەبێت وانەکە بە ئینگلیزی بڵێنەوە، بەرێوبەری پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: مەرج نیە بە ئینگلیزی بێت و هەندێک بابەت پێویست دەکات بە زمانی دایک وانەکە بڵێنەوە.

**بەشی سێیەم: راسپاردەکان:**

1. لە گۆڕینی هەر پرۆگرامێکی خوێندن پێویستە وەزارەت پلانی هەبێت و بەرنامە رێژی بۆکردبێت بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی سەرکەوتوبێت، بەڵام گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست بێ پلان بوە و کەمترین ئامادەکاری بۆ کراوە.

2. گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست بۆ ئینگلیزی لە کاتێکدابو کە هەم قەیرانی دارایي و هەم بایکۆت بەشی زۆری ناوەندەکانی گرتبوەوە ئەمەش وایکردوە تا ئێستا ئەو گۆڕانکارییە کاریگەری نەرێنی زیاتر بێت.

3. هەمو پرۆگرامێک کە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت پێویستی بە مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا هەیە بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییەی لە پرۆگرامی ئەو دو بابەتەدا کراوە بکەوێتە سەر رێچکەی خۆی پێویستە خولەکانی بەهێزکردنی مامۆستایان بەردەوامی هەبێت چ لە روی زمانەوانی یاخود پەرەدان بە تواناکانیان، چونکە خولێکی یەک مانگی مامۆستایەک بە تەواوی ئامادە ناکات.

4. بابەتەکانی بیرکاری و زانست بە پێي سیستەمە نوێیەکە کۆمەڵێک پێداویستی پێویستە بۆ وتنەوەی بە شێوازێکی گونجاو، زۆرینەی ئەو ناوەندانەی سیستەمیان گۆڕدراوە پێویستیان بە پێداویستیەکانی وتنەوەی وانەکانە کە ئەمەش گرفت لە گەیاندنی بابەتەکە بۆ مامۆستایان دروست دەکات.

5. ئەو پرۆگرامەی بۆ بیرکاری و زانست دانراوە پێویستی بە کاتی زیاترە، بەڵام ئەو ناوەندانەش کاتەکانیان هاوشێوەی ناوەندەکانی دیکە کە بە زمانی کوردی وانە دەڵێنەوە، پێویستە رەچاوی ئێدانی کاتی زیاتریان بۆ بکرێت.

6. دیاریکردنی 24 ناوەندی خوێندن لە سنوری گەرمیان بۆ تاقیکردنەوەی سیستەمێک کە دیار نیە سەرکەوتوە یاخود نا زیان بە چەندین فێرخواز دەگەیەنێت، چونکە وەک چۆن ئەمساڵ بەشێک لەو ناوەندانە سیستەمەکە تێیدا هەڵوەشایەوە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئەو ناوەندانەش زیاندمەندی یەکەم ئەو فێرخوازانە ئەبن، کە ئەمەش کارێکی گونجاو و بە پلان نیە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. . زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 -07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org